گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 7, No. 4, pp. 447–458, December-2019
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ڕۆڵ و هەڵویستی سیاسی مارتن لۆتەر کینگ ١٩٥٥– ١٩٥٧

## توێژینەوەیەکی مێژوویە

هیوا حەمید شەریف* و مەبەست هەژار حمد
بەشی مێژوو، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێما کوردستانێ – عێراق.

وەرگرتن: 2019/10 پەسەندکرن: 2019/11 بەلاڤکرن: 2019/12 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2019.7.4.556

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە کە تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵ و هەڵویستی سیاسی (مارتن لۆتەر کینگ) لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥– ١٩٥٧, خستنەڕووی سیاسەت و ڕێبازێکی جیای خەباتکردنە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان  کە ئەویش بریتیە لە خەباتی ناتوندوتیژی, ئەم شێوە خەباتە بەبێ بە کارهێنانی چەك و توندوتیژی عەقڵێکی گەورە و پێشینەیەکی فیکری و ڕۆشنبیری پێویستە, هەروەها ئەم شێوازە لە خەبات بواری سەرکەوتن و گەیشتن بە مافەکانی زیاترە لە خەباتەکانی دیکە . (مارتن لۆتەر کینگ) توانی لە ڕێگای ئەم شێوازە لە خەباتکردن بەشێکی گەورەی مافەکانی ڕەشپێستانی ئەمریکا بە دەست بهێنێت. توێژینەوەکە لە دەروازە و دوو تەوەرە پێکدێت, دەروازەکە تەرخان کراوە بۆ ژیان و پێگەیشتنی (مارتن) لە ڕووی پەروەردەیی و خوێندنەوە, هەروەها تیشك خراوەتە سەر مێژووی بنەماڵەکەیان و کاریگەری دایك و باوکی لە سەر دروستکردنی کەسایەتی ناوبراو. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە سەرەتای چالاکیەکانی مارتن لۆتەر لە ویلایەتی ئەلاباما کراوە. لە تەوەرەی دووەمیشدا ئاماژە بە ڕووداوەکەی (ڕۆزا بارکس) کراوە و تێدا ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری (مارتن) لەم ڕووداوە دراوە و لێکەوتەکانی ڕووداوەکەش خراوەتەڕوو.

**پەیڤێن سەرەکی**: جیاوازی ڕەگەزی، ناتوندوتیژی، ڕەشپێست، ئازادی، ماف.

## 1. پێشەکی

### 1.1. بابەخی توێژینەوەکە:

مێژووی کەسایەتیە ناودار و ناسراوەکان بەشێکی گرنگی مێژووی میللەت و قۆناغە مێژوویەکانە, بە تایبەتی مێژووی ئەو کەسایەتیانەی کە ڕۆڵی گرنگیان لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بینیوە, بۆیە توێژینەوە لە سەر مێژووی ئەو کەسایەتیانە بە پێویستیەکی زانستی دادەنرێت, لەم سۆنگەیەی (مارتن لۆسەر کینگ ١٩٢٩– ١٩٦٨) بە کەسایەتیەکی ناودار و جیهانی دادەنرێت کە ڕۆڵی کاریگەری لە خەباتی ناتوندوتیژی لە پێناو یەکسانی و دادپەروەری و ئازادی بینیوە و بە ورەیەکی بەرز هەوڵی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی و هەڵوەشاندنەوەی جیاوازییە ڕەگەزیەکان داوە, بۆیە بە پێویست زانرا ئەم توێژینەوەیەی لە سەر ئەنجام بدرێت.

### 2.1. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە جگە لە گرنگی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا ئێستا نامە یان توێژینەوەیەکی زانکۆیی بەم ناونیشانە ئەنجام نەدراوە, ئەم توێژینەوەیە بۆ یەکەم جارە چەندان ڕووداو و پێشهات سەبارەت بە (مارتن) و باروبۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سیاسەتی ڕەگەزپەرستی بە زمانی کوردی دەخاتە روو.

### 3.1. ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە جگە لە ناساندنی کەسایەتی و بیروباوەڕ و خەبات و ڕۆڵی سیاسی (مارتن), دەرخستنی کاریگەری ئەم شێوە ناوازەیە لە چالاکی سیاسی کە بریتیە لە خەباتی ناتوندوتیژی کە ڕۆڵێکی گەورەی لە پاراستنی شکۆ و ئازادی مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی هەبووە.

### 4.1. میتۆدی توێژینەوەکە:

هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە سوود وەرگرتن بووە لە ڕێباز و توێژینەوەی مێژوویی کە بریتیە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی ڕەسەن و بەڵگەی دروست پەیوەست بە ڕووداو و زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو زانیارییە کۆکراوانە و بەراورد کردن و بڕیار لە سەردانیان.

### 5.1. پێکهاتەی توێژینەوەکە:

---

* فەکولەرێ بەرپرس.

توێژینەوەکە لە دەروازە و دوو تەوەرە پێکدێت, دەروازەکە تەرخان کراوە بۆ ژیان و پێگەیشتنی (مارتن) لە ڕووی پەروەردەیی و خوێندنەوە, هەروەها تیشك خراوەتە سەر مێژووی بنەماڵەکەیان و کاریگەری دایك و باوکی لە سەر دروستکردنی کەسایەتی ناوبراو. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە سەرەتای چالاکیەکانی مارتن لۆتەر لە ویلایەتی ئەلاباما کراوە. لە تەوەرەی دووەمیشدا ئاماژە بە ڕووداوەکەی (ڕۆزا بارکس) کراوە و تێدا ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری (مارتن ) لەم ڕووداوە دراوە و لێکەوتەکانی ڕووداوەکەش خراوەتەڕوو.

### 6.1. گرنگترین سەرچاوەکان:

نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە بە سوود وەرگرتن بووە لە چەندان سەرچاوەی ڕەسەن و جۆراوجۆر, کە بەشی هەرە زۆریان بە زمانی ئینگلیزین, ئەمە جگە لەوەی چەند سەرچاوەیەك بە زمانی کوردی بە کارهێنراون, هەندێك لە سەرچاوەکان زانیارییەکانیان دەگمەن بوون و سوودی زۆریان بۆ توێژینەوەکە لێوەرگیرا, بە تایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە بە وردی کە بە وردی وێستگە مێژوویەکانی ژیانی (مارتن)یان باسکردووە, لەوانە Burns Joanne : لە کتێبی : The life of Martin Lother King . هەروەها سودێکی زۆر لە کتێبەکەی (Taylor Branch) بە ناونیشانی Parting the waters وەرگیراوە کە زانیاری زۆر وردی لە سەر تێروانین و بیری (مارتن) خستۆتەڕوو. ئەمە جگە لەوەی سودێکی زۆر لە نوسینەکەی (Paul Pop)بە ناونیشانی Parys for king and for Peace in Vietnamوەرگیراوە.

### 2. ژیانی

میشێل کینگ جونیور ناوی سەرەتای تەمەنی(مارتن لۆتەر کینگ) بوو, کە دواتر بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٣٤ لەلایەن باوکیەوە لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئاینی ناوەکەی گۆڕدرا و بە ناوی (مارتن لۆتەر)*ی گەورە ڕیفۆرمخوازی ئایینی کرا, ئەمەش دوای بەشداربوونی (مارتن لۆتەر کینگ)ی باوك لە کۆنگرەی پێنجەمی مەسیحیە پرۆتستانتەکان لە ئەڵمانیا .(Burns, 1995:2)لەو کاتەوە لە ناو خانەوادەکەیدا بوو بە (مارتن لۆتەر کینگ)ی کوڕ, چونکە باوکیشی هەمان ناوی هەبوو,(کینگ) نازناوی بنەماڵەکەیان بوو.(Dean2004:6,David,1978:5)

ڕەچەڵەك و بنەچەی(مارتن) ئەفریقیە, هەرچەندە مێژووی ژیان و نیشتەجێبوونیان لە ئەمریکا دیار نییە, بەڵام ئەگەری هەیە لە قۆناغەکانی دوای دۆزینەوە جوگرافیەکان و دۆزینەوەی هەردوو ئەمریکای باشور و باکور لەلایەن بازرگانەکانەوە بەرەو نشینگەکانی ئەمریکا هێنرابن**, بۆیە ڕەگەزیان بە (ئەفریقی– ئەمریکی) دادەنرێت .(Grey,1999:8)لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە خانەوادەی(مارتن) مێژوویەکی درێژیان لە خزمەتکردنی ئایینی مەسیحیدا هەبووە و چەند پشتێك لە باپیرانی قەشەی(مەعمەدانی)***بوون, ئەمەش بەردەوام بووە تاوەکو گەیشتووە بە (مارتن لۆتەر کینگ)ی باوك کە ئەویش قەشە و کەسایەتی ئایینی بووە.(Burns, 1995:2)

(مارتن) لە ١٥ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٩ لە شاری) ئەتلانتا - Atlanta)ی سەر بە ویلایەتی جۆرجیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دایك بووە .(Burns, 1995:3) گەورەبوون پێگەیشتنی(مارتن) لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی خێزانەکەیدا بووە و بایەخێکی زۆریان بە پەروەردەکردن و خستنە بەر خوێندنی داوە, باری ئابوری خێزانەکەشیان کە لە ئاستێکی باش دابوو یارمەتیدەر بوو تا(مارتن) بەبێ کێشەی دارایی قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات . (Grey,1999:8)سەرەتای پرۆسەی خوێندنی لە شاری( ئەتلانتا) دەستپێکردووە و لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لەلایەن خێزانەکەیەوە لە یەکێك لە خوێندگاکانی شارەکە خراوەتە بەر خوێندنی سەرەتایی, لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت سەرەتای چوونە بەر خوێندنی (مارتن) بە ڕووداوێکی خراپ دەستپێکردووە, کاتێك بە هۆکاری پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیەوە لە نزیکترین هاوڕێی منداڵی دادەبڕێت, ئەمەش بارێکی دەروونی ئاڵۆزی بۆ دروستکردووە, بەڵام پاشان بە یارمەتی خێزانەکەیی و مامۆستاکانی باری دەروونی ئاسایی کراوەتەوە . (Steghtn,1993;23)هەرچۆنێك بێت(مارتن) دەبێتە خوێندکارە زیرەك و گوێڕایەڵەکان و لە تەواوی ساڵەکانی ئەو قۆناغەی خوێندن لە ڕیزبەندی خوێندکارە یەکەمەکان بووە ,(Lionel,1968;38)هەر بۆیە لەلایەن مامۆستاکانیەوە بایەخی تایبەتی پێدراوە, چونکە لەو باوەڕەدا بوون لە دوا ڕۆژدا

---

*مارتن لۆتەر (١٤٨٣– ١٥٤٦), ڕاهیب و مامۆستای زانکۆی وتنبێرگ بوو لە بەرواری (٣١ی تشرینی یەکەمی ١٥١٧ ) دژی کارتی لێبوردن (٩٥) مادەی لە دەرگای کڵێسای وتنبێرگ لە ئەڵمانیا هەڵواسی, ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ جیاکردنەوەی کڵێسای پرۆتستانتی لە کڵێسای کاسولیکی (شکری– محمدامین, ١٩٥٦: ٩٤).

**بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کۆچپێکردنی ئەفریقیەکان بۆ ئەمریکا, بنواڕە (بارکیز, ٢٠١٣: ١٢٩–١٣٠).

***گروپێکی پرۆتستانتی بوون, پێیان وابوو پاککردنەوەی منداڵ دوای لە دایك بوونی بۆ پاککردنەوەیە لە هەڵەی یەکەم و کردنی بە کەسێکی مەسیحی دەبێت لە تەمەنی ١٨ ساڵی ئەنجام بدرێت, تاوەکو کەسەکە بتوانێت لە ماناکەی تێبگات, ئەوانە لە سەدەی ١٧ لە کڵێسای ئەنکلیکانی جیابوونەوە(الیوسف,١٩٦٧) .

کەسایەتیەکی گەورەی لێدەردەچێت .(Marshall,2003;63)

دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، هەر لە شاری(ئەتلانتا) هەردوو قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بە سەرکەوتویی تەواو کردووە، شایانی ئاماژە بۆ کردنە سەرچاوەکان بە گشتی ئەوەیان خستۆتەڕوو کە (مارتن) لە تەمەنێکی بچوکدا بە دیاریکراوی لە (١٥) ساڵیدا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە (Michael,2004:75;Grey,1999:11;Burns,1995:16), شایانی باسە هۆکاری ئەوەی کە ناوبراو لەو تەمەنەدا خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، پەیوەست بووە بە سیستەمی پەروەردەی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .*

دوای دەرچوون لە قۆناغی ئامادەیی، بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن چووە بۆ زانکۆی) میری هاوس کۆلیج Merry house – college ) و ساڵی ١٩٤٨ بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی ناوبراو تەواو کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بە پلەی زۆر باش بە دەستهێناوە .(Burns,1995:16) شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئارەزووی خوێندن لای(مارتن) بە ڕادەیەك بووە دوای تەواو کردنی هەر قۆناغێکی خوێندن ئامادەبووە بۆ خوێندنی قۆناغێکی بەرزتر بەبێ ئەوەی هەستی بە ماندوو بوون کرد بێت, لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی ١٩٥١ بڕوانامەی ماستەری بە سەرکەوتویی لە زانکۆی(بۆستن) بە دەستهێناوە, دواتر و لە ساڵی ١٩٥٥خوێندنی دکتۆرای لە هەمان زانکۆ تەواو کردووە, ئەوە سەرەڕای ئەوەی ناوبراو چەند دکتۆرایەکی فەخری لە ساڵەکانی ١٩٥٩ و ١٩٦٣ و ١٩٦٥ پێبەخشراوە . (Storm,2000:17)

سەبارەت بە ژیانی خێزانی، (مارتن) لە ساڵی ١٩٥٣ ئەو کاتەی خوێندکاری دکتۆرا بووە ئافرەتێکی بە ناوی (کۆریتا سکۆت)** ناسیوە و بە هۆی نزیکی بیروباوەڕیان لە یەکتری پەیوەندی نێوانیان بەرەو پێش چووە تا بە هاوسەرگیری هەر لە هەمان ساڵ کۆتایی پێهاتووە، بەرهەمی خێزانەکەشیان چوار منداڵ بووە, دوو کوڕ و دوو کچ بە ناوەکانی : یۆلاند – مارتن لۆتەر کینگ – ویکستەر – بێرنیس. (Adler,2007:38)

(مارتن) یەکێك بوو لە چالاکترین کەسایەتیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستەم، بەردەوام ڕۆڵ و هەڵوێستی نەگۆڕی بۆ ئەم پرسانە هەبوو کە پەیوەست بوو بە چەوسانەوەی مرۆڤەکان, بە تایبەتی چالاکییە سیاسیەکانی دژی سیستەمی نادادپەروەرانەی حکومەتی ئەمریکا بە ڕەشپێستەکان و هەڵوێستی توندی دژی جەنگی ڤێتنام, ئەمەش دامودەزگا فەرمیەکانی ئەمریکا و گروپ و کەسە ڕەگەزپەرستەکانی تەواو نیگەران کردبوو. لە سۆنگەی ئەو گروتینەی ناوبراو بە خۆپێشاندانەکانی دەدا, لە هەر ناوچە و شارێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چالاکیەك ئەنجام بدرایە, ڕاستەوخۆ بانگێشتی(مارتن) یان بۆ بەشداریکردن و سەرپەرشتیکردنی دەکرا, لەم چوارچێوەیەدا کاتێك لە ساڵی ١٩٦٨ خۆپێشاندان لە شاری(مێمفیس)ی سەر بە ویلایەتی (تێنسی) دەستیپێکرد لەلایەن خۆپێشاندەران و کرێکارانی شارەکە داوا لە (مارتن) کرا سەرپەرشتی جوڵانەوەکەیان بکات, ئەوەش بەم ئامانجەی داواکاریەکانیان لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ بکرێت, کە خۆی لە کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن دەبینیەوە کە زۆر زیاتر لە ئەرکی خۆیان کاریان پێدەکرا و دەچەوسێنرانەوە, هەروەها هەوڵێکی زۆریان دەدا بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی کرێکارە ڕەشپێستەکان کە لە ڕەوشێکی یەکجار خراپیان بە ڕێدەکرت. (Allin,2014:68)

دوای ئەوەی داواکارییەکەی پێگەیشت،(مارتن) بە فڕۆکە لە ویلایەتی(جۆرجیا)وە بەرەو شاری(مێمفیس) چوو, پاش گەیشتنی لە مۆتێلی(لۆراین) لە ژووری ژمارە(٣٠٦) مایەوە, وا بڕیار بوو بۆ ڕۆژی دواتر وتارێك بۆ خۆپێشاندەران پێشکەش بکات دواتر بە یەکەوە فشار بۆ سەر حکومەتی ئەمریکی دەستپێبکەن. (Bichord,1990:80)

ڕێککەوتی ٤ی نیسانی ١٩٦٨ کاتێك(مارتن) لە مۆتێلی(لۆراین) لە سەر بەلەکۆنەی بەردەم ژوورەکەی بە تەنیا وەستا بوو, لە یەکێك لە بیناکانی بەرامبەری دەستڕێژی گولەی لێکرا و فیشەکێك بەر شەویلگی کەوت کە یەکێك لە شادەمارەکانی بڕیبوو, بۆیە بە پەلە لەلایەن هاوڕێکانیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا , (Thomas,2007:139)بەڵام دوای کەمتر لە کاتژمێرێك مانەوەی لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد, هەمان ئێوارە هەواڵی تیرۆرکردنی(مارتن) بۆ دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاگەیندرا. (Clay,2009:54)

لە ڕاستیدا تیرۆرکردنی (مارتن) لەلایەن کەسێکی سپیپێستەوە بە ناوی(جەیمس ئێرل ڕەی)* ئەنجامدرا, ناوبراو پێشوتر چەند جارێك لەلایەن پۆلیسەوە بە تۆمەتی هەڵاتن لە خزمەتی سەربازی و توندوتیژی دەستگیر کرا بوو . (Gerold,1998:28)

---

*مارتن لە تەمەنی پێنج ساڵی خراوەتە بەرخوێندن, پاشان لەبەر زیرەکی قۆناغێك بردویانەتە پێشتر, بۆیە لە تەمەنێکی بچوکتر خوێندنی تەواو کردووە0 (Ress,2007:52)

**خانمە نوسەر و چالاکوانێکی ئەمریکی بوو, لە ساڵی ١٩٢٧لە ویلایەتی(ئەلاباما) لە دایك بووە, لە ساڵی ١٩٥٣ هاوسەرگیری لەگەڵ مارتن کردووە, هاندەر و پشتیوانێکی گەورەی بووە, ساڵی ١٩٩٣ کتێبێکی دەربارەی ژیانی خۆی و مارتن بڵاوکردەوە, لە ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری مەکسیکۆ کۆچی دوایی کرد. ( Ress,2007:74)

*هاوڵاتیەکی سپیپێستی ئەمریکی بوو, لە ساڵی ١٩٢٨ لە ویلایەتی (ئەلینیوس) لە دایك بووە, لە ساڵی ١٩٤٩ لە کافێیەکی شاری (لوس ئەنجلوس) دزی کرد و دەستگیر کرا و بۆ ماوەی ساڵێك بەند کراوە, دواتر لە ساڵی ١٩٥٢ جارێکی دیکە لە سەر تاوانی دزیکردن بۆ ماوەی دوو ساڵ بەند کراوە, ساڵی ١٩٦٠ دیسانەوە بە هۆی دزیکردنەوە بۆ ماوەی شەش ساڵ لە ویلایەتی (میزۆری) بەند کراوە, لە ساڵی ١٩٦٨ هەڵسا بە تیرۆرکردنی مارتن لۆسەر کینگ لە شاری (مێمفیس) دادگا سزای (٩٩) ساڵ بەندکردنی بۆ دەرکرد, لە ساڵی ١٩٩٨ لە بەندینخانەی(ناشڤیل) لە ویلایەتی (تێنیسی) کۆچی دوایی کرد. (Gerold,1998:28)

پاشان دەزگای پۆلیس کەوتە لێکۆڵینەوە لە بابەتی تیرۆرکردنی (مارتن) و بۆیان دەرکەوت کە بکوژەکە (جەیمس ئێرل ڕەی) بووە, دوای دوو مانگ لە ڕووداوەکە ناوبراو لە شاری لەندەن لە شانشینی بەریتانیا دەستگیرکرا و ڕاستەوخۆ ڕەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرایەوە . (Harding,1996:69) دوای دەستگیرکردنی, (جەیمس ئێرل ڕەی) لە ڕێککەوتی ١٠ی ئازاری ١٩٦٩ دانینا بە تاوانەکەی و دادگاش سزای زیندانی کردنی بە(٩٩) ساڵ بە سەردا سەپاند. (Harvor,1981:211)

### 3. سەرەتای چالاکییەکانی(مارتن) لە ویلایەتی ئەلاباما

(مارتن لوتەر کینگ) لە ساڵی ١٩٤٨ پلەی ئایینی (قەشە)ی پێبەخشرا و بەمەش پێگەی کۆمەڵایەتی لە ناو دانیشتوانی ویلایەتی (ئەلاباما) زیاتر بەرز بووە و لە ڕووی کەسایەتیەوەش دەرکەوتنی زێتری بە خۆوە بینی , (Taylor,2007:143)لەم سۆنگەیەوە ئەرکی لێپرسراوەتی بەرامبەر هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی لە ڕابردوودا هەبوون و لە دواتر ڕوویاندا قورستر بوون, ئەمەش لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە. شایانی ئاماژە بۆ کردنە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ڕەشپێستەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ویلایەتەکانی باشور خراپ بوو, لە سەرجەم جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری لە سپیپێستەکان جیاکرابوونەوە: قوتابخانەکانیان جیاواز بوون, لە هۆیەکانی گواستنەوەشدا جیاکاریەکی تەواو لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە کراوە و هیچ یەکسانیەك لە نێوانیان نەبیراوە, ئەم سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و جیاکارییە سینەماکانیشی گرتبووەوە, ڕەشپێستەکان خراپترین و پیسترین شوێنەکانیان پێدەدرا, لە هەمان کات سپیپێستەکان لە باشترین و پاکترین شوێن دادەنیشتن, سەرباری هەموو ئەوانە گەڕەك و شوێنی نیشتەجێبوونیشیان جیاواز بوو , (Harbutt,2007:149)ئەوەتا لە شارێکی وەك(مۆنتیگمری) کە نزیکەی(٥٠٠٠٠) ڕەشپێستی تێدا ژیاوە, جیاوازیە ڕەگەزیەکان بە ئەندازەیەك فراوان بووە کە پێشوتر بە خۆیەوە نەیبینیبوو, ئەمەش بە هۆی ئەوەی یاساکان بە شێوەیەك داڕێژرا بوون کە تەنیا مافی سپیپێستەکانی تێدا لەبەر چاو گیرا بوو. (Paul,1997:31)

ئەم بارودۆخە خراپ و ئاڵۆزەی ڕەشپێستەکان لە ویلایەتەکانی باشور بە گشتی بە شێوەیەك قوول ببووەوە, تەنانەت زۆر جار بڕیارەکانی دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای تێدا جێبەجێ نەدەکرا, بۆ نمونە : کاتێك دادگای باڵا لە ساڵی ١٩٥٤ بڕیارێکی دەرکرد تێدا ئاماژە بۆ ئەوە کرا بوو(جیاوازی ڕەگەزی لە بواری پەروەردە و فێرکردن دژی دەستورە), ئەم بڕیارە کە جێگای خۆشحاڵی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەمریکا بوو لە ناوچە ڕەشپێستەکانی باشور جێبەجێنەکرا, هەرچەندە دەیان ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ فشاری زۆریان خستە سەر دامودەزگاکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە, بەڵام جێبەجێکردنی بە شێوەی کرداری لە ویلایەتەکانی باشور کارێکی ئاسان نەبوو . (Henry,1991:18)

لەم هەلومەرجەدا بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٥٥ ڕۆڵ و چالاکی و هەڵوێستە سیاسیەکانی (مارتن) بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە پێشوو بە دیار دەکەوێت, کە زیاتر وەك کەسایەتیەکی ڕێنمایکەر و ئامۆژگاریکەری ئاشتیخواز و دوور لە توندوتیژی لە گۆڕەپانەکە ڕۆڵی بینیوە, ئەمەش ئەرك و لێپرسراوەتیەکی قورس بوو, چونکە بارودۆخەکە بە ڕادەیەك ئاڵۆز و پڕ کێشە بوو, دانبەخۆداگرتن و عەقڵێکی گەورەی پێویست بوو, ئەوەتا کاتێك بۆ نیشتەجێبوون ڕووی کردە گەڕەکی (دیکستەر ئەڤینۆ), کە لە ناوچەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر ئاڵۆز بوو, بە هۆی ئەوەی دانیشتوانەکەی تێکەڵەیەك بوو لە سپیپێست و ڕەشپێستەکان و ڕۆژانە چەندان بەریەککەوتنی ڕەگەزی تێدا ڕوویدەدا و ناکۆکیەکانی نێوانیان هەمیشە دووبارە دەبوونەوە . ( Taylor,1989:52)

(مارتن) بە تەواوی لەم بارودۆخە خراپ و نامرۆڤانەیە نیگەران و ماندوو بوو, بەڵام سەرەڕای ئەمانەش ئەو بەردەوام ئامۆژگاری ڕەشپێستەکانی کردووە تاوەکو دوور بن لە نواندنی توند و تیژی و پەنا بردن بۆ شەڕ , (Henry,1991:24)چونکە جگە لەوەی (مارتن) باوەڕی بە کاری توندوتیژی و شەڕخوازی نەبوو, یاساکانیش لە ناوچەکانی باشور بە شێوەیەك داڕێژرابوون, هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕەشپێستێك بەرامبەر سپیپێست, ئەوە ڕاستەوخۆ لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرا و سزا دەدرا, تەنانەت ئەگەر لە سەر بابەتێکی بچوکیش بووایە. (Paul,1997:33)

ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییە ڕەشپێستەکانی تەواو نیگەران کردبوو, بەڵام بوونی (مارتن) لە ناویاندا و ئامۆژگارییەکانی کاریگەری زۆری هەبوو, ئەو هەمووکات ڕێنمایی کردوون کە پێویستە ئارام بگرن و خۆیان لە نواندنی کاری توندوتیژی بپارێزن, تەنانەت باسی بێزاری خۆی لە بارودۆخەکە بۆیان کردووە, بەمشێوەیە

ئاماژەی پێداوە: ((هەرگیز نەمتوانیوە لە سەر پابەند بوون بە دانیشتن لە سەر کورسیەکانی دواوەی پاسەکان ڕابێم, یان ئەو پاسانەی بە تایبەت بۆ ئێمەی ڕەشپێست تەرخانکراون, بەڵام هەموو کات ئارامم گرتووە و کرداری توندوتیژیم بەرامبەر هیچ کەس نەنواندووە)) . (Henry,1991:26)

هەر لەم چوارچێوەیەدا و بۆ دەربڕینی نیگەرانیەکانی خۆی لە بارودۆخەکە و بە مەبەستی ئارامکردنەوەی ڕەشپێستەکان, (مارتن) نمونەی دیکەی بۆیان هێناوەتەوە : (( کاتێك بۆ یەکەم جار لە چێشتخانەی شەمەندەفەردا دانیشتم و خۆم لە پشت پەردەدا بینی, هەستی سەرشۆڕی دایگرتم و تەنانەت سیمای کەسایەتیمی بە ئامانج گرتبوو, بەڵام هێشتا ئارامیم هەڵبژارد)) . (Paul,1997:41) هەر بۆ هەمان مەبەست و لە پێناو کپکردنەوەی هەستی گڕگرتوو و نیگەرانی ڕەشپێستەکان ئاماژەی بۆ سیاسەتی ناتوندوتیژی و گرتنەبەری ڕێبازی(عیسای مەسیح)ی دەکرد و گووتویەتی : ((منیش وەکو ئێوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی خۆم بێزارم, وەك لاوێك هەمیشە ئارەزووی ئەوەم هەبووە بچم بۆ سینەما, بەڵام تەنیا جارێك چووم و ئیتر بڕیارمدا هەرگیز سەردانی نەکەمەوە, چونکە منی ڕەشپێست لە زبڵدانێکدا کورسیم بۆ دانرا بوو کە پڕ بوو لە چەرسی خوراو, لە کاتێکدا سپیپێستەکان لە جێگایەکی پاك و خاوێن کورسیان بۆ دانرا بوو. (James,1957:73)

-دامەزراندنی ڕێکخراوی (کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی).

(مارتن) وەك سیاسەتمەدارێکی دووربین هەوڵیدا کۆی ناڕەزایەتی و بارودۆخی خراپی ڕەشپێستەکان لە چوارچێوەیەکدا کۆبکاتەوە و بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئاڕاستەی بکات, بۆ ئەمەش لە ساڵی ١٩٥٥ ڕێکخراوێکی بە ناوی )کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی) لە ویلایەتی ئەلاباما پێکهێنا و هاوشان لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی دیکەی داکۆکیکار لە ڕەشپێستەکان وەك : ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی پێست ڕەنگینەکان , ئەنجومەنی پەیوەندییە مرۆییەکان, بە مەبەستی ڕێگریکردن لە چەوسانەوەی ڕەشپێستەکان چەند چالاکیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا, لەم سۆنگەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ڕەشپێستەکان پەیوەندیان پێوەکردن, بەمەش ئەرکی سەر شانی (مارتن) زیاتر و قورستر بوو, چونکە پێویست بوو بە تەواوی ئەو جیاوازییە ناوخۆیانەی کە ڕەشپێستەکانی بە سەر دوو بەرە دابەشکرد بوو بە کۆتا بێنێت, کە ئەوانیش چینی ڕۆشنبیر و چینی ناڕۆشنبیر بوون, پێویست بوو هەمووان لە ژێر ناوی یەك بەرەی سیاسی کۆبکاتەوە کە تێدا هەمووان بە یەك ئاست سەیری یەك بکەن و پێکەوە خەبات و کۆششی بەردەوام بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بکەن, کە بە یاسا لێیان قەدەغە کرا بوو(Burrow,2006:145) ئەم هەنگاوە سیاسیەی) مارتن) کە بە یەکەم هەنگاو و چالاکی سیاسی ئەو بە شێوەیەکی پراکتیکی دادەنرێت, هەنگاوێکی بوێرانە و مەترسیدار بوو, ئامانجی ئەو کارەی یەکخستنی تەواوی ڕەشپێستەکان بوو لە ناو یەك چوارچێوەی سیاسیدا, هەروەها هەوڵێك بوو تا ڕەشپێستەکان ڕابێنێت بە شێوازێکی هێمنانە و ژیرانە مافەکانی خۆیان بە دەست بهێنن, بەبێ ئەوەی ڕێگای توندوتیژی و تۆقاندن و خوێنڕێژی بگرنە بەر, سەرباری ئەمانە لەم هەنگاوەیدا ئامانجی بوو ئەوە بخاتەڕوو کە چیتر جیاوازییە ڕەگەزیەکان هۆکار نەبن بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری, چونکە ئەو باوەڕی وابوو خودا هەمووانی وەك مرۆڤ قبوڵە. لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوەی (مارتن) دەریدەخات هەوڵەکانی چەندە هەڵگری مۆرکێکی مرۆڤایەتی و یەکسانین ئەوەندەش دووربینی و زیرەکی سیاسی پێوە دیارە, بە مانایەکی دیکە (مارتن) چەندە وەك کەسایەتیەکی مرۆڤدۆست هەنگاوی ناوە, ئەوەندەش هەڵسەنگاندنی بۆ هاوکێشە سیاسیەکان هەبووە, ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە هەنگاوەکانی ناو ڕێکخراوی) کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی) دەردەکەوێت . (Harper, 1996:118)

یەکەم هەنگاوی دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکە, هەوڵدان بوو بۆ گۆڕینی تێڕوانینی تەواوی ڕەشپێستەکان و چاندنی ڕەگی ئازایەتی و یەکسانی لە ناخیاندا و دوورکەوتنەوە لە ژیانی کۆیلایەتی, ئەم هەوڵەی لەم گۆشەنیگایەوە سەریهەڵدا بوو کە ڕەشپێستەکان بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون لە دەستەڵات و سیاسەتی دەوڵەت یاخی بن, ئەمەش بە هۆی ئەوەی کارێکیان هەبوو بژێوی ژیانیان پێ دابین دەکرد, بۆیە ئامادە نەبوون یاخیبوون ڕابگەینن. (مارتن) ئامانجی بوو تەواوی ڕەشپێستەکان لەوە تێبگەن کە گەورەیی و جوانی ژیان لە سەربەخۆیی و ئازادیدایە نەوەك کۆیلایەتی, بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ و وتار خوێندنەوەی کردە ئامرازێکی گرنگی ئەم بوارە, کە تێدا بە هەموو شێوەیەك هەستیانی دەبزواند لە پێناو ئەوەی هۆشیاریان بکاتەوە بەرامبەر هەموو ئەو ستەمانەی لێیان دەکرێت(Charlotte, 1980:98 ) .

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی (مارتن) لە چوارچێوەی ڕێکخراوی )کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی) یەکخستنی توانای سەرجەم ڕەشپێستەکانی ئەمریکا بوو لە ناو بەرەیەکدا و تێگەیاندنیان لەو ڕاستیەی ئەگەر ئەوان یەك هەڵوێست و یەکگرتوو بن لە توانایان دەبێت کۆتایی بە یاسا ڕەگەزپەرستیەکان بهێنن, کە تەواوی مرۆڤبوونی ڕەشپێستەکانی لەکەدار کردبوو, هەروەها هەوڵەکانی بۆ ئەوە بوو ڕەشپێستەکان لەوە تێبگەن بێدەنگی ئەوان بەرامبەر مافە ڕەواکانی خۆیان بە هیچ شێوەیەك یاساکان ناگۆڕێت, بەڵکو ئەوە یاخیبوونی ئەوان و یەکگرتنی ئەوانە کۆتایی بە یاسا ڕەگەزپەرستیەکان دەهێنێت, بۆیە پێویستە هەمووان یاخی بن تاوەکو مرۆڤبوونی خۆیان بە دەست دەهێنن (Taylor, 1989:65) .

ئامانجێکی دیکەی (مارتن) کە لە ڕێگای ڕێکخراوەکەی هەوڵی بۆ دەدا, ئاڕاستەکردنی ڕەشپێستەکان بووبۆ چۆنیەتی داواکردنی مافەکانیان و هەڵبژاردنی باشترین ئامراز بۆ فشار خستنە سەر حکومەت و دامودەزگاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, تا ناچار دەبێت یاساکان هەڵبوەشێنێتەوە و لە شوێنی ئەوان یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم ڕەگەز و ئیتنیك و ئایینەکان دابین دەکات, بۆ ئەمەش (مارتن) هەوڵیدەدا بە ڕێگایەکی ناتوندوتیژانە و دوور لە هەڵگیرسانی جەنگی ناوەخۆ مافە ڕەواکانی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا بە دەست بهێنێت, وەکو پێشوتر ئاماژەی بۆ کراوە, لەم هەڵوێستەیدا کاریگەری)گاندی)* بە سەرەوە بووە (Paul, 1997:79) .

سیاسەتی ناتوندوتیژی بە ئەندازەیەك کاریگەری بە سەر ڕەشپێستەکان هەبوو کە ترسی یاخیبونیان نەمێنێت, چونکە دڵنیا بوون بەم شێوازە لە خەباتکردن ناکوژرێن, ئەمەش لەم سۆنگەیەی یاخیبوان هیچ کردەیەکی ناتوندوتیژانە بەرامبەر هێزەکانی پۆلیس و دەزگاکانی حکومەت ئەنجام نادەن, بەڵکو دوور لە ئاژاوەگێری داوای مافەکانی خۆیان دەکرد و تا دەهات ژمارەیان لە زیاد بووندا بوو, بەمەش حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەیدەتوانی بە زەبر و زەنگ وەڵامی داواکاری خەڵکی گشتی بداتەوە نەوەك جەنگێکی ناوەخۆی خوێناوی دروست بێت لە نێوان ڕەشپێستەکان و سپیپێستەکان . (Harding,1996:43)

هەوڵە بەردەوامەکانی )مارتن) بۆ بەدیهێنانی مافی ڕەشپێستەکان و سیاسەتە دووربینیەکانی هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی دانیشتوانی شاری (مۆنتیگمری) زۆرینەی خەڵکە گشتیەکەی و تەنانەت قەشە گەورەکان ڕوو لە ناوبراو بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست و دەرچەیەکی دەربازبوون, لە ڕاستیدا کەسایەتی و ژیری)مارتن) بە ڕادەیەك بڵاوببووەوە, کە زۆرینەی ڕەشپێستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی ئاشنا بوون, تایبەت بە هۆی ئەوەی (مارتن) لە ڕێگای نوسین و وتاربێژیدا جاڕی یاخیبوونی دەدا, ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی قەشەکانی ئەمریکا لەگەڵ سیاسەتی حکومەتی ناوەندی کۆك و تەبا بوون, بۆیە خەڵك ئەویان خۆشدەویست و بە فریادڕەسی خۆیانیان دەزانی, سەرەنجام ئەو توانی ببێت بە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز و سەنگین بە تایبەتی لە سەر ئاستی تەواوی ڕەشپستەکانی ویلیەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ,Taylor( 1989:28) .

تەوەرەی سێیەم: ڕووداوەکەی) ڕۆزا بارکس) و لێکەوتەکانی.

یەکێك لە دیارترین ئەو ڕووداوانەی لە ساڵی ١٩٥٥ بە هۆکاری سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و جیاوازی ڕەنگی پێستەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوویدا و دەنگدانەوە و کاریگەریەکی زۆری خستەوە و (مارتن)یش ڕۆڵی بەرچاوی تێدا بینی, ڕووداوەکەی خاتوو )ڕۆزا بارکس)ی ڕەشپێست بوو, کە لە ڕێککەوتی ١ی کانونی یەکەمی ١٩٥٥ سەریهەڵدا, لەم

---

*ناوی تەواوی (موهانداس کرمچند گاندی) یە, لە ١٨٦٩/١٠/٢ لە (پۆر بەندەر) لە وڵاتی هندستان لە دایك بووە, بیرمەند و مرۆڤدۆستێکی جیهانیە و مۆدیلی خەباتی ناتوندوتیژی برەو پێدا, بەشێوە خەباتە هندستانی لە ژێر دەستی بەریتانیەکان ڕزگارکرد, ساڵی ١٩٤٨ تیرۆر کرا. بۆ زیاتر زانیاری لە سەر گاندی, بنواڕە: (ئەکنات: ٢٠٠٥).

ڕۆژەدا ناوبراو وەکو ڕۆژانی دیکە بە مەبەستی چوون بۆ سەر کارەکەی لە شاری )مۆنتیگمری) سواری پاس بوو دواتر کاتێك کەسێکی سپی پێست هاتۆتە ناو پاسەکە و شوێنی دانیشتنی تێدا نەماوە, داوای لە (ڕۆزا بارکس) کردووە جێگاکەی بۆ چۆڵ بکات و تا ئەو لە شوێنەکەی دانیشێت, بەڵام )ڕۆزا بارکس) داواکەی ڕەتکردەوە و ئامادە نەبوو جێگاکەی خۆی بۆ چۆڵ بکات ,Gayraud) 1972:95) .

دوای ئەم ڕەتکردنەوەی )ڕۆزا بارکس) لە سەر مافی خۆی, شۆفێری پاسەکە داوای لێکرد جێگەکەی چۆڵ بکات بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەك دروست نەبێت, بەڵام )ڕۆزا بارکس) سور بوو لە سەر هەڵوێستەکەی و ئامادە نەبوو جێگاکەی بۆ پیاوە سپی پێستەکە چۆڵ بکات, بۆیە سکاڵای لە سەر تۆمار کراو پۆلیس بە تاوانی چۆڵ نەکردنی جێگاکەی بۆ کەسێکی سپی پێست دەستگیری کرد, چونکە بە پێی یاسا پێویست بوو جێگاکەی خۆی بۆ سپی پێستەکە چۆڵ بکردایە (Taylor, 1989:28) .

هەر چۆنێك بێت دوای دەستگیرکردنی (ڕۆزا بارکس) لەلایەن پۆلیسەوە, ئەم هەواڵە زۆر بە خێرایی بە شاری )مۆنتیگمری) بڵاوبووەوە و زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە بە هە هەواڵەکەیان زانی و تەنانەت لە ڕۆژنامەکانیش بڵاوکرایەوە, کاتێك (مارتن) ئەم هەواڵەی پێگەیشت زۆر نیگەران و بێزار بوو, بۆیە فەرمانی بە سەرجەم ڕێکخراو و لایەنە ڕەشپێستەکان کرد لە بەردەم دادگای شارەکە گرد ببنەوە و دژی دەستگیرکردنی (ڕۆزا بارکس) هەڵوێست وەربگرن, چونکە ناوبراو خانمێکی خاوەن کەسایەتی و چالاکی ناوچەکە بوو, بۆ ئەمەش سەرجەم ڕێکخراوە ڕەشپێستەکان لە سەر داوای (مارتن) ئەندامانی خۆیان لە بەردەم دادگای شاری )مۆنتیگمری) کۆکردەوە, هەرچەندە ئەم گردبوونەوە هێمنانە کاریگەریەکی زۆری نەکردە سەر بڕیاری دادگا, بەڵام بوو بە فشارێك و دادگای ناچار کرد تەنیا سزایەکی کەمی دارایی کە بڕەکەی (١٠) دۆلار بوو بە سەر (ڕۆزا بارکس) بسەپێنێت و دواتر و لە هەمان ڕۆژ بڕیاری ئازاد کردنی بدات . (Lerone,1970: 79)

لە ڕاستیدا ڕووداوەکەی (ڕۆزا بارکس) کە لە ساڵی ١٩٥٥ لە (مۆنتیگمری) ڕوویدا, بوو بە سەرەتایەکی گرنگ بۆ خەباتێکی

مەدەنی گەورە کە یاخیبوون و مانگرتنی سەرتاسەری رەشپێستەکانی شاری (مۆنتیگمری) لێکەوتەوە و (مارتن)یش رۆڵێکی کاریگەری تێدا بینی, هەرچەندە وەکو پێشوتر ئاماژەی بۆ کرا (مارتن) پێش بەشداربوون لە چالاکییە سیاسیە لە رێگای دامەزراندنی رێکخراوی )کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی) کاری سیاسی ئەنجام داوە, بەڵام لە پەرەسەندنەکانی دوای ئەم رووداوە, راستەوخۆ هاوشانی رەشپێستەکان کەوتە نواندنی چالاکی سیاسی مەدەنیانە . (Spero,2003:42)بەمەش خێراتر لە پێشو ناوبانگی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە گشتی وشاری )مۆنتیگمری) بە تایبەتی بڵاوبووەوە)نورائی, ۲۰۰۷: ۲۳٤) .

بەمشێوەیە (مارتن) بوو بە خۆشەویستی مافخوراوان, بە تایبەتی لەم گۆشەنیگایەی ئەو بە هەموو توانای هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی رەشپێستەکانی دەدا, کە لە ئەنجامی جیاوازی رەگەزی و سیاسەتی رەگەزپەرستانە رووبەرووی دەبوونەوە, بۆیە بە ئەندازەیەك خۆشەویست ببوو لای خەڵك تا ئەو ئاستەی نازناوی عیسای مەسیحی سەدەی بیستەمیان پێبەخشیبوو . (Taylor,1989:86)لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستیەی لەلایەن خەڵکەوە بۆ)مارتن) گوزارشتی لێدەکرا, هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی لە سەر رەفتارەکانی دروست نەکردوو بۆ ساتێکیش لە بیروباوەڕەکانی دوورنەختسەوە, کە خۆی لە خەباتی ناتوندوتیژی و بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاری و وەڵامدانەوەی تاریکی بە روناکی و نەرشتنی خوێنی مرۆڤ و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە رووەو ئاشتی سەرتاسەری.(Spero,2003:49)

هەرچۆنێك بێت بارودۆخەکە لە شاری مۆنتیگمری دوای رووداوەکە تا دەهات ئاڵۆزتردەبوو, بە تایبەتی لە وێستگەی پاسەکان کە ببوو بە ناوەندێك بۆ سوکایەتیکردنی بەردەوام بە رەشپێستەکان لەلایەن سپیپێستەکانەوە, ئەمەش دوای ئەوەی کە رەشپێستەکان ناچار کرابوون لە دەرگای دواوەی پاسەکان سەربکەون, مافی ئەوەشیان نەبوو لە کورسیەکانی پێشەوە دابنیشن, ئەمە سوکایەتیەکی گەورەی دەروونی و مرۆیی بوو بەرامبەر رەشپێستەکان, سەرباری ئەوەش هیچ رەشپێستێك مافی سکاڵا کردنی نەبوو بەرامبەر هەر پێشێلکاریەکی رەگەزی کە رووبەرووی دەبووەوە. (Hanry,1991:65)

شایانی ئاماژە پێدانە هەر لە هەمان ساڵ جگە لە رووداوەکەی)رۆزا بارکس) چەند رووداوێکی دیکەی هاوشێوە لە وێستگەی پاسەکانی شاری مۆنتیگمری روویاندا و بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد, دیارترین ئەم رووداوانەش کاتێك خوێندکارێکی رەشپێستی تەمەن (١٥) ساڵ بە ناوی (کلۆدیت کۆلڤن) لە یەکێك لە پاسەکان دەرکراو دواتریش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا و سزا درا بە بیانوی ئەوەی یاسای شکاندووە و جێگەکەی خۆی بۆ کەسێکی سپیپێست چۆڵ نەکردووە . (Paul,1997:85)

بەمشێوەیە چەندبارە بوونەوەی ئەم رووداوە رەگەزپەرستیانە بەرامبەر رەشپێستەکان و بە تایبەت رووداوەکەی)رۆزا بارکس) کاریگەریەکی گەورەی هەبوو بۆ سەرهەڵدانی قۆناغێکی تازە لە خەباتی مەدەنی ئەم رێبازە کە لەلایەن (مارتن)ەوە رابەرایەتی دەکرا, ئەویش خۆی لە مانگرتنێکی درێژخایەن لە بە کارنەهێنانی پاسی گواستنەوە بینیەوە. دەستپێکی مانگرتنەکەش کە زیاتر وەك هەڵوێستێکی سیاسی دەرکەوت, لە کڵێساکانی شاری )مۆنتیگمری)یەوە لەلایەن (مارتن)ی قەشە و ژمارەیەك قەشەی دیکە دەستپێکرد, کە جگە لە دژایەتیکردنیان بۆ سیاسەتی رەگەزپەرستی, داوایان لە رەشپێستەکانی شارەکە کرد بۆ گواستنەوەی هاتوچۆی رۆژانەیان بە هیچ شێوەیەك پاس بەکارنەهێنن, هەروەها (مارتن) داوای کرد بە نوسراویش بڕیارەکە بڵاوبکرێتەوە, بۆ ئەمەش بە هەزاران دانە لە بڕیارەکە چاپکران و بە ناو دانیشتوان و خەڵکی گشتی ئەمریکا بڵاوکرانەوە , ئەم هەڵوێستەش لێدانی زەبرێکی گەورە بوو لە سیاسەتی رەگەزپەرستانە و یاسا نادادپەروەریەکان, کە تا ئەو کاتە رەشپێستەکانی رووبەرووی بارودۆخێکی خراپ کردبووەوە. کاتێك لە رۆژانی دواتر مانگرتنەکە دەستپێکرد سەرجەم ئەو پاسانەی رەشپێستەکانیان دەگواستەوە بە بەتاڵی لە شەقامەکان هاتوچۆیان دەکرد و خەڵکی ئاسایی توانیان بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوە دەزگا کارگێریەکانی شارەکە نیگەران بکەن . (Cherry, 1997:131)

بۆ قەرەبووکردنەوەی بەکارنەهێنانی پاس رەشپێستەکانی مۆنتیگمری بۆ گواستنەوە و هاتوچۆ کردن تاکسی و پاسکیلیان بە کارهێنا, ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە بە پیادە بۆ سەر ئیش و کارەکانیان دەرۆیشتن, کە ژمارەیەکی زۆریان دەبووایە بۆ نزیکەی )۲۰) کیلۆمەتر بە پێ برۆن تا دەگەیشتنە شوێنی مەبەست, بەڵام تورەیی و نیگەرانی رەشپێستەکان بە ئەندازەیەك بوو کە ماندووبوون هیچ کاریگەریەکی لە سەریان نەبوو. (Garrow,1989:38)

)مارتن) لە بەرامبەر ئازایەتی و خۆڕاگری بەردەوامی رەشپێستەکان لە مانگرتن بەمشێوەیە گوزارشتی لە بارودۆخیان کردووە: )) ئەوان دەزانن بۆ بە پیادە دەرۆن و بۆ کوێ دەرۆن, کاتێك سەیری سیمای ئەوانم کرد هەستم کرد هیچ شتێك هێندەی ئازایەتیەکی هێمنانە شکۆدار نییە, ئەوان ئازار دەچێژن و قوربانی دەدەن لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانیان و گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی, بۆیە ماندوو نابن)). (Taylor,1989:93)

سەبارەت بە هەڵوێستی فەرمی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە شاری مۆنتیگمری بەرامبەر

به مانگرتنەکە, ئەوان سەرەتا بێباکانە مامەڵەیان لەگەڵ پێشهاتەکە کرد, چونکە پێیان وابوو بە تێپەڕبوونی کات یاخیبووان بێزار دەبن و دەست دەکەنەوە بە بەکارهێنانی پاس بۆ هاتوچۆ و گواستنەوەی ژیانی ڕۆژانەیان و مانگرتنەکەشیان شکست دەهێنێت, بۆیە بڕیاریاندا پشو درێژ بن, بەڵام پێشبینیەکەیان وەك ئەوەی چاوەڕوان بوون دەرنەچوو, چونکە مانگرتووان سوور بوون لە سەر درێژەدان بە بەکارنەهێنانی پاس بۆ گواستنەوە و هاتوچۆی ڕۆژانەیان, بەمشێوەیە ئەم ڕێبژارەیان سەرکەوتو نەبوو (Strom,2000:70). کاتێك حکومەت گەیشتە ئەو باوەڕەی بە فیڕۆدانی کات کێشەکە چارەسەر ناکات و ڕەشپێستەکان سوورن لە سەر یاخیبوون, هەوڵیدا لە ڕێگای دیکەوە کۆتایی بە مانگرتنەکە بێنێت, بۆ ئەمەش گەمەیەکی دیکەی سیاسی تاقیکردەوە, ئەویش بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ ڕاکێشان و کڕین و هەڵخەڵەتاندنی کەسایەتیە دیارەکانی ناو یاخیبوونەکە, بۆ ئەمەش پەیوەندیان بە(مارتن)ەوە کرد کە کاریگەرترین کەسایەتی ڕەشپێستە مانگرتووەکان بوو, داوایان لێکرد کۆتایی بە بێنێت لە بەرامبەردا کۆمەڵێك دەستکەوتی مادی پێدەبەخشن, بەڵام (مارتن) داواکەیانی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کە ئەو بە هیچ شێوەیەك تاپاکی لە ڕەشپێستەکان ناکات, تاکە مەرجی بۆ کۆتایهێنان بە مانگرتنەکە بریتی بوو لە دانان بە مافە ڕەوایەکانی ڕەشپێستەکان و دانانی سنورێکی یاسایی بۆ پێشێلکاریە ڕەگەزی و مرۆییەکان لە سەرتاپای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا . (Raboteau,1998:162)شایانی ئاماژە پێدانە ئەم هەڵوێستەی (مارتن) بە خاڵێکی ئەرێنی گەورە لە کەسایەتی دادەنرێت, کە خۆی لە ڕەچوکردنی بەرژەوەندی گشتی لە پێش بەرژەوەندییە کەسیەکان دەبینێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (مارتن) بە درێژایی ماوەی مانگرتنەکە ڕۆڵی کاریگەر و گرنگی هەبوو بۆ بەردەوامبووندا, ئەمەش زۆر بە ڕوونی لەم وتارانەی دەردەکەوێت کە بۆ مانگرتووانی دەدا, ئەوەتا لە ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٥٥ لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان بەمشێوەیە ڕەشپێستەکانی هاندا بۆ بەردەوام بوون لە مانگرتنەکە: )) ئەم ئێوارەیە کۆبوینەوە بۆ تا بە دەستەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بڵێین ماوەیەکی درێژە چەوسانەوەمان بە سەر دەسەپێنن, ئێمە ماندوو بووین, ماندوو بووین لەوەی پشتگوێ بخرێین و سوکایەتیمان پێبکرێت, ماندوو بووین لە هەڵسوکەوتی دڵڕەقانە و سەرکوتکەرانە, لە ماوەیساڵانی دوور و درێژی پێشودا سەلماندومانە کە ئێمە خاوەن وزەیەکی زۆر گەورەی خۆڕاگرین, یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی مافی هاوڵاتیە, کە ناڕەزایی دەردەبڕین بۆ گەیشتنە بە مافەکانمان, ئێمە ئەوە ئەنجام دەدەین دوور لە توندوتیژی و ڕق, ئەمە دەبێتە هاندانێکیش بۆ دەستەڵاتدارانیش تا مافەکانی ژیانمان بدات)). (Strom,2000:78)

وەك دەردەکەوێت وتەکانی(مارتن) کاریگەری گەورەی لە سەر هەست و سۆز و هەڵوێستی مانگرتووان داناوە, بۆیە یاخیبوە ڕەشپێستەکان وەك کاردانەوەیەك بۆ وتارەکەی ناوبراو لە کۆتایی کۆبونەوەکە بڕیار دەدەن لە مانگرتن بەردەوام بن تا ئەو کاتەی دەستەڵاتداران و حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست لە سوکایەتی کردن و جیاوازی ڕەگەزی بەرامبەر ڕەشپێستەکان هەڵدەگرن و بە یاسا هەموو بەندە ڕەگەزپەرستیەکان هەموار دەکەنەوە و بە یەکسانی و دادپەروەری چارەنوسی سەرجەم ڕەگەزەکان بەبێ جیاوازی ئیتنیکی و ئاینی و ڕەنگی پێست دیاری دەکرێت . (Taylor,1989:192)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت, توڕەیی و بێزاری ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا بەرامبەر ئەو سوکایەتیەی ڕۆژانە لە سۆنگەی جیاوازی ڕەنگی پێستەوە ڕووبەڕووی دەبوونەوە بە ئاستێك گەیشتبوو, ئەگەر کەسایەتیەکی میانڕەوی وەکو (مارتن) ڕێنمایی و ڕێبەرایەتی نەکردبوونایە, پێشبینی سەرهەڵدانی جەنگێکی ناوەخۆی گەورە دەکرا, بەڵام خۆشەویستی (مارتن) و باوەڕبوون بە ڕێبازەکەی ڕێگر بوون لە بەردەم پێشهاتێکی لەم شێوەیەدا, چونکە ڕەشپێستەکان بە گشتی لە سەرجەم خۆپێشاندانەکان شوێن (مارتن) دەکەوتن, ئەویش جگە لە خەباتی ناتوندوتیژی هیچ شێوازێکی دیکەی بۆ داواکردنی مافەکانیان نەگرتەبەر, کە ئەمەش لە ئەنجامدا دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە جەنگێکی ڕەگەزی ناوەخۆ پاراست. (Wilson, 2005:79)

سەبارەت بەم گرفت و کێشانەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە گشتی و دامودەزگا کارگێریەکانی )مۆنتیگمری — ئەلاباما) بە تایبەتی لە ئەنجامی مانگرتنەکە ڕووبەڕووی بوونەوە, بە پێی ئەو داتایانەی یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماچەی بۆ کردووە: پێش مانگرتنەکە ڕۆژانە نزیکەی )١٧٥٠٠) ڕەشپێست لە مۆنتیگمری بۆ هاتوچۆ و گواستنەوە پاسیان بە کارهێناوە, بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی مانگرتنەکە کە ماوەی )٣٨٢) ڕۆژی خایاند, هیچ یەکێك لە ڕەشپێستەکانی شارەکە هاتوچۆی بە پاس نەکردووە . (Klan, 2011:29)وەك دەردەکەوێت ئەم بارودۆخە زیانێکی گەورەی لە کەرتی هاتوچۆ و گواستنەوەی شارەکە داوە, بە تایبەتی کە مانگرتنەکە تا دەهات درێژەی دەکێشا و ئاماژەیەك بۆ کۆتایی هاتنی دیار نەبوو, ئەمەش دەستەڵاتدارانی حکومەتی ئەمریکا و شاری مۆنتیگمری بە تەواوی هەراسان کرد بوو, بۆیە هەوڵیان دەدا بە هەر نرخێك بێت شکست بەم یاخیبوونە بێنن, بۆ ئەمەش پیلانی کوشتنی (مارتن)یان خستە ناو بەرنامەیان, ئەمەش لەم گۆشەنیگایەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێیان وابوو هۆکاری سەرەکی بەردەوام بوونی مانگرتنەکە و ویستی بەهێزی ڕەشپێستەکان و کۆکردنەوەیان لە ناو یەك چوارچێوەی سیاسی )مارتن)ە , بۆیە بۆ

جێبەجێکردنی پیلانەکەیان لە ساڵی ١٩٥٦ ماڵەکەی )مارتن)یان لە ڕێگەی بۆمبی دەستیەوە وێران کرد, بەڵام لە کاتی ڕووداوەکە )مارتن) نە خۆی نە هیچ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی لە ماڵ نەبوون, بۆیە پیلانەکە شکستی هێنا. (Hower, 2013:47)

لە ڕاستیدا ئەم هەوڵەی دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بۆ کوشتنی )مارتن) نەك هەر نەیتوانی گڕوتین و وزەی ڕەشپێستە مانگرتووەکان دابەزێنێت, بەڵکو زۆر لە پێشو سورتری کردن لە سەر داواکاریەکانیان, ئەوە لەلایەك, لەلایەکی دیکە ئەم ڕووداوە نەیتوانی بۆ چرکەیەکیش باوەڕبوونی )مارتن) بە خەباتی ناتوندوتیژی لەق بکات, ئەوەتا هەر دوای ڕووداوەکە لە پەیامێکدا داوای لە ڕەشپێستەکان کردووە هیچ کاردانەوەیەکی توندوتیژ و شەڕخوازانەیان نەبێت, بەڵکو پێویستە ئارام بگرن و بەردەوام بن, چونکە ئارامگرتن هێزێکی مەزن و لە بن نەهاتووە. وەك دەردەکەوێت )مارتن) ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی خەباتی ڕەگەزێکی مافخوراو بە سوود وەرگرتن لە بیروباوەڕ و سیاسەتی )گاندی) فێربوو بێت, کە ئامانجی بوو گەورەترین دەستکەوت لە بە کارهێنانی ئارامگرتنێکی بێ کۆتایی و بەردەوام بوون بە دەست بهێنێت, هاوشان لەگەڵ ئەوەدا بەردەوام لە هەوڵدا بوو ڕەفتاری ناتوندوتیژی دژ بە سیاسەتی توندوتیژی بە کاربهێنێت, جا توندوتیژی ئایینی و ڕەگەزی بێت, یاخود توندوتیژی سیاسی و ئابوری بێت, چونکە )مارتن) پێیوابوو توندوتیژی هەر توندوتیژیە و گرنگ نییە کێ و کام لایەن بە کاریدەهێنێت, بەڵکو پێویستە بە خەباتی ناتوندوتیژی ڕەگی توندوتیژی هەڵبکێشرێت. (Henry,2012:74)

بە گرتنەبەری سیاسەتی ناتوندوتیژی بەردەوام و خۆڕاگری ڕەشپێستەکانی مۆنتیگمری لە یاخیبوون و مانگرتن و سوربوونیان لە سەر گۆڕینی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە گشتی و بارودۆخی ڕەگەزپەرستی ناو پاسەکان بە تایبەتی, دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ناچار کرد لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٥٦ ڕاگەیاندنێك بڵاوبکاتوە, کە تێدا ئاماژە بۆ ئەوە بکات: )) ئەو یاسایانەی جیاوازی لە ناو هۆیەکانی گواستنەوە دروست دەکەن هیچیان دەستوری نین و کاریان پێناکرێت)) . (Hower,2013:59)

لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە لەلایەن دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خەباتی ڕەشپێستەکان بە گشتی و )مارتن) بە تایبەتی سەرکەوتنێکی گەورە بوو, چونکە ناوبراو هۆکاری سەرەکی خۆڕاگری ڕەشپێستەکان و بزووتنەوە یاخیبونەکە بوو.

هەر چۆنێك بێت بڕیارەکەی دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, جارێکی دیکە ڕەشپێستەکانی مۆنتیگمری دەستیان کردەوە بە بەکارهێنانەوەی پاسەکان, بەڵام ئەمجارەیان وەکو کەسانێکی ئازاد و یەکسان لەگەڵ هاوڵاتیانی دیکەی شارەکە و دوور لە سوکایەتی پێکردن . (Klan,2011:48) نابێت ئەوەش لە بیر بکرێت بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتە پشکی گەورەی بۆ سیاسەتە ژیرانەکەی )مارتن) دەگەڕایەوە, چونکە ئەو لێهاتوو بوو لە چۆنیەتی بە کارهێنانی ئامرازەکانی سیاسەتی ناتوندوتیژی, لە هەمان کاتدا سەرکەوتو بوو لە ئاراستەکردنی هەستی پڕ جۆش و خرۆشی کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکان, ئەمەشی تەنیا بۆ بە ئاگاهێنانەوەی ویژدانی ڕەشپێستەکان ئەنجام نەدەدا, بەڵکو لە پێناو ئامادەکردنی سەرجەم هاوڵاتیانی ئەمریکا بە گشتی بۆ ئاشتیەکی سەرتاسەری. (Hower,2013:63)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ڕاگەیندراوەکەی دادگای باڵادا جگە لەوەی بڕیارەکەی لە بەرژەوەندی ڕەشپێستەکان ڕاگەیاند, لە هەمان کاتدا وەك ڕوونکردنەوەیەك ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد بوو: پێویستە لە سەر ڕەشپێستەکان ئەو هەستە لە خۆیان داماڵن کە ئەوان قوربانی دەستی حکومەتێکی ستەمکارن و ئەوان گروپێکی کۆیلەن و بە تەنیا بە یەکگرتنی خۆیان دەتوانن مافەکانیان وەربگرن, هەروەها نابێت ڕەشپێستەکان تێڕوانینێکی دوژمنکارانە و نەیارانەیان بەرامبەر بە سپی پێستەکان هەبێت, بەڵکو پێویستە هەموان پێکەوە بژین و جیاوازی ڕەگەزی و ڕەنگەکان نەبن بە هۆکاری جیابوونەوەیان لە یەکتری و نەبن بە هۆکاری هەرەس هێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە هەر ناوچەیەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. (Taylor,1989:99)

وەك دەردەکەوێت )مارتن) لە ڕێگای بیروباوەڕ و تێڕوانین و ڕەفتارەکانیانەوە توانیویەتی هەژمونی خۆی لە سیاسەت بە سەر ڕەشپێستەکان بسەپێنێت, ئەمەش زیاتر بە هۆی وتارەکانی بە تایبەتی لەو کاتانەی کە لە شاری مۆنتیگمری ڕەشپێستەکان یاخیبونیان ڕاگەیاند, ئەو بەردەوام ڕێنمایی ناتوندوتیژی بۆ دووبارە دەکردنەوە تاکو هەموویان بتوانن ڕاهێنان و مەشقی لە سەر بکەن و ببێت بە نەریتێك لە ناو ڕەشپێستەکان و لە هەمان کاتدا ببێت بە ناسنامە و هێزی ڕەشپێستەکان . (Klan,2011:50)

بەم شێوەیە لە ساڵی١٩٥٧ لە کاتێکدا )مارتن) کە تەمەنی تەنیا )٢٨ ساڵ بوو, توانی ڕابەرایەتی و پێشەنگی تەواوی ڕەشپێستە ناڕازیەکانی )مۆنتیگمری – ئەلاباما) بگرێتە دەست, ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە لە سەر توانا و هێز و کەسایەتی )مارتن), کە توانیویەتی لە تەمەنێکی کەمدا بە شێوەیەکی نائاسایی کاریگەریی لە سەر هەست و دەروونی ڕەشپێستەکان دروست بکات, ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە جگە لە )مارتن) چەندان قەشە و پیاوی ئاینی گەورە و بە ئەزموون و ژمارەیەك مامۆستا و ڕۆشنبیری ڕەشپێست لە ویلایەتی ئەلاباما دەژیان, بەڵام ئەوەی کە )مارتن)ی لەوانی دیکە

جیادەکردەوە, ئەو هزرە نەرم و نیان و پڕ لە مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستیە بوو کە بەردەوام جەختی لە سەر دەکردەوە. (Davis,1992:108)

هەر لە ساڵی ١٩٥٧ و دوای ئەوەی کە بڕیارەکانی دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەی هاتوچۆ و گواستنەوەی )پاس) جێبەجێکرا, )مارتن) کۆمەڵێك پێشنیاری بۆ ڕەشپێستەکان ڕاگەیاند تاوەکو لە کێشە و ململانێی ڕەگەزی بە دوور بن, کە ئەوانیش خۆیان لە مۆرکی گشتی و مۆرکی تایبەت دەبینیەوە:

أ- پێشنیارە مۆرکە گشتیەکان :

١ -هەموو سپی پێستەکان دژی تێکەڵ بوون نین لە ناو پاسەکاندا, ئەو نیازپاکیانەیان بە بیر بهێنەوە کە بەشێکیان لە ڕابردوو دەریابڕیووە.

٢ -لە ئێستا بە دواوە هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە تەواوی کورسیە بە تاڵەکانی پاسەکان بە کار بهێنن.

٣ -یارمەتی لە خواوەند بخوازن و بەڵێن بە خۆتان بدەن کە ناتوندوتیژی بگرنەبەر لە گوتار و کردەوەکانتان .

٤ -با هەڵس و کەوت و مامەڵەکردنتان هێمنی و ڕێزی تەواوی ڕەشپێستەکانی ویلایەتی ئەلاباما بنوێنێت.

٥ -لە هەموو بارودۆخێکدا پابەندی یاسا گشتیەکانی ڕەوشت و ڕەوتی چاکەکاری و بەزەیی بن.

٦ -لە بیرتان بێت ئەمڕۆ تەنیا سەرکەوتنی ڕەشپێستەکان نییە, بەڵکو سەرکەوتنی هەموو ئەلاباما و باشوریشە, بە هەموو شێوەیەك خۆتان لە خۆهەڵکێشان و خۆبەگەورەزان بپارێزن.

٧ -هێمن بن و لە هەمان کاتدا خەڵکتان خۆشبوێت و شانازی بکەن بە خۆتان, هەڵپەرست مەبن و کامەران بن بەبێ زیادەڕەوی.

٨ -خەڵکتان خۆشبوێت بۆ ئەوەی بەر لە بەدکاری بگرن و دوژمن بکەن بە دۆست. (Taylor,1989:112)

ب – پێشنیاری مۆرکە تایبەتیەکان:

١ -شۆفێر بەرپرسی )پاس) و جێبەجێکەری یاسایە, دەبێت پێشەکی هەموان ڕازی بن کە ناوبراو ڕێتان دەدات لە سەر یەکەم کورسی بە تاڵدا دابنیشن.

٢ -بە ئەنقەست لە تەنیشت کەسێکی سپیپێست دامەنیشن, تەنیا لە کاتێکدا نەبێت کە هیچ کورسیەکی تر بە تاڵ نەبێت.

٣ -لە کاتی دانیشتن لە تەنیشت کەسێکدا ئەگەر سپیپێست بوو یاخود ڕەشپێست, لە بیرمەکەن گەر هەڵەیەك ڕوویدا بە هەستێکی ڕەوشت بەرزانەوە داوای لێبوردن بکەن.

٤ -ئەگەر سوکایەتیتان پێکرا ئێوە بە سوکایەتیکردن وەڵام مەدەنەوە, ئەگەر کەسێك بە ئەنقەست پاڵی پێوەنان, ئێوە پاڵ بە کەسەکەوە مەنێنەوە, ئەگەر لێتاندرا ئێوە لێیان مەدەنەوە, لە گشت بارودۆخێکدا بە خۆشەویستی و ڕێزگرتن و نیازپاکی بجولێنەوە.

٥ -لە کاتی ڕوودانی گرفتێك قسە زۆر مەکەن و ئارامی خۆتان ڕابگرن و دابنیشن, ئەگەر پێویستی کرد شوفێر ئاگادار بکەنەوە.

٦ -ئەگەر کەسێکی دیکە دووچاری شەڕکردن هات, ئێوەش لە شەڕەکە مەگلێن, تەنیا نزا بۆ چەوسێنەر بکەن و بە چەکی ڕەوشت بەرزی بەرگری لە دادگەری بکەن.

٧ -لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە تاقیکردنەوەی ئەو شێوازە نوێیەی پەیوەندیەکان مەترسن.

٨ -ئەگەر کەسێکتان لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوەی داوای لێدەکرێت کارێکی زۆر قورسە, باشتر وایە هەفتەیەك یان زیاتر بە قاچەکانی بە ڕێگادا بڕوات. (Garrow,1989:98)

لە کۆتاییدا دەتوانرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت, بە وردبوونەوە لە پێشنیارەکانی )مارتن) بۆ ڕەشپێستەکانی ویلایەتی ئەلاباما بە ڕوونی ئاستی مرۆڤدۆستی و زیرەکی و دووربینی سیاسیانەی دەردەکەوێت, کە تێدا ناوبراو بە هەموو شێوەیەك داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکات دوور لە جیاوازی و ڕەنگ و ڕەگەز, ئامانجی ناوبراو لەم کارەدا ئەوە بوو ئاشتی لە ڕێگەی کردەوەی ئاشتیانە بچەسپێت .

## 4. ئەنجام

١ -لەگەڵ ئەوەی )مارتن) لە قۆناغێکی مێژوویی دژواردا لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە هاتە بوون, کە هزری ڕەگەزپەرستی و جیاوازی ڕەنگی مرۆڤەکان بە زەقی بوونی هەبوو, بەڵام بە هۆی ئەو کەشە گونجاوەی لە ڕووی پەروەردەیی و ئایینی لە ناو خانەوادەکەی لە ئارادا بوو, یارمەتیدەر بوو لە بە ئاڕاستە بردنی ناوبراو بەرەو بیری ناتوندوتیژی.

٢ -مارتن ڕەهەندی مرۆڤبوونی کرد بوو بە سەرچاوەی جموجۆڵ و چالاکیە سیاسیەکانی, کە ئەمەش پێچەوانەی بیرکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەو کەسایەتیانە بوو کە لە بواری سیاسی کاریان دەکرد, ئەمانە تەنیا لە گۆشەی سیاسەتکردنەوە سەیری ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانیان دەکرد.

٣ -لە ڕاستیدا ئەو خەباتەی مارتن دەستی پێکردبوو کە بریتی بوو لە خەباتی ناتوندوتیژی, ئەرکێکی یەکجار سەخت و قورس بوو, چونکە ئەم شێوازە لە خەباتکردن کارکردنی بەردەوام بوو لە سەر ئارامکردنەوە و دانبەخۆداگرتنی کەسانێك کە بەردەوام توندوتیژی بەرامبەریان بە کاردەهێنرا و سوکایەتیان پێدەکرا, بە مانایەکی دیکە ئەم جۆرە خەباتە کارکردنە لە سەر بیروباوەر و هەست و سۆزی مرۆڤێك بۆ ئەوەی بەرامبەر هەموو ئەو توندوتیژی و سوکایەتیەی کە بەرامبەریان دەکرێت, ناتوندوتیژ و ئارامگر و سینفراوان بن.

٤ -یەکێك لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە مارتن بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی پشتی پێدەبەست پێشکەشکردنی وتار بوو, ئەو هەموو بۆنەیەکی دەقۆستەوە تاوەکو وتارێکی تێدا بدات, چونکە لەم

ڕێگایەوە توانیبووی سۆزی بەشێکی فراوان لە هاوڵاتیانی ئەمریکا و جیهان بۆ خەباتەکەی کێش بکات, کە جگە لە ڕەشپێستەکان بەشێکی دیاریکراو لە سپیپێستەکان پشتگیریان کردووە.

## 5. لیستی سەرچاوەکان

### 1.5. بە زمانی ئینگلیزی:


Adler,David A. )2007) : Martin Luther King, New York, mill.

Allen,Barbara. )2013) : The Political thought of Martin Luther King , New York, Goventant.

Burns,Joanne C. )1995): The life of Martin Luther King, New York, Peen.

Burrow,Rufus. )2006): The Personalisem , theology and ethics of Martin Luther King, Pennsylvania.

Charlotte, Kelly.)1982) : Black protest movement: Their historical relationship ,New York, Manhattan.

Cherry, Carson C. )1997): Martin Luther King and the African social gospel, New York, manhattan.

Clay, Risen.)2009): American in the wake of the Kings assassination, Washington, Harvest.

David,Lewis.)1978): King: Abiography)Blacks in a new world), Montgomery, New south.

Dean,Louisa.)2011): Ananalysis of the Justification for the ues of Violence for Political Purposes ,New York, Mill.

Garrow,David.)1989): Bearing the cross: Martin Luther King and the southern Christian leadership Conference, New York, Peen.

Gayraud,wilmare.)1972): Black rilligion and black radicalism, New York, Norton.

Gerold,Posner.)1998): Killing the dream :James Earl Ray and the assassination of Martin Luther King, New York, Seasoned.

Grey, Timor A.)1999): Bibiography of D. Martin Luther King, New York, Taschen.

Harbutt,Fraster J.)2007): Europe and American of the Crossroods. London,Bloomsbury.

Harding, Vincent.)1996): Martin Luther King: the inconvenient hero, New York, Dorance.

Harper, Marilyn M.)1996): World War II and the American home front , Washington, Watermark.

Harvord, Sitkoff.)1981): The strangle for black equality)1954- 1968). London, Bloomsbury.

Henry, Hampton.)1991): Voice of freedom : An oral history of Civil right Movement from)1950)s through the)1980)s, New York, Mill.

Hower, Amy.)2013): Martin Luther King and Civil right , New York, Norton.

James, Garrow.)1957): Martin Luther King and the Montogomery stort, New York, Norton.

Klan,Klux.)2011): A history racism and Violence , New York, Manhattan.

Lerone,Bennett. )1970): What Manner of Man: A biography of Martin Luther King , Chicago, Hannessy.

Lionel, Lokos.)1968): The life and legacy of Martin Luther King, New York, Norton.

Michael, Nagler.)2004): The Search for a nonviolent future: A promise of peace for ourselves, Our families our World , New york, Dorrance.

Paul, Pop.)1997): Parys for king and for peace in Vietnam, New York, The Charleston post.

Rabotean, Fulop A. )1998): African Amrican religion interpretive essays in history and cluture, New York, Noterdame.

Spero,Andrea E. )2003) : A time to break silence: The essential works of Martin Luther King, New York, Outskirt.

Tephen, Qates B. )1993): Let the trumpt sound: A life of Martin Luther King , New York, Norton.

Storm, Kevin A. )2000) : The truth about Martin Luther King, Washington, Harvest.

Taylor, Branch. )1989): Porting the waters: America in the king years )1954- 1963), New York, Govenant.

Thomas, Jakson. )2007): From civilrights to human rights: Martin Luther King and struggle for economic justice , Philadelphia, Outstage.

Wilson,Joseph.)2005) : Race and labor matters in the united state economy, New York, Norton.


### 2.5. بە زمانی کوردی:


نورائی, فریشتە. (٢٠٠٧) : مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا, و: هەورەمان , دەزگای موکریانی, هەولێر .

ئەکنات, ئیسواران. (٢٠٠٥): ڕێگای خۆشەویستی)بە سەرهاتی گۆڕانی ڕۆحی گاندی), چاپخانەی چوارچرا, سلێمانی.

## مارتن لوثر كينگ دورة و موقفة السياسي1957 -1955

**الملخص:**

تتشكل هذه الدراسة محاولة متواضعة لتسليط الضوء علي شخصية أمريكية – عالمية بارزة وهو )مارتن لوتر كينط)، وهو من الشخصيات السياسية الرفيعة في تاريخ الولايات المتحدة الامريكية و العالم الذي نال شهرة كبيرة في عمر صغير و ذلك بسبب أنشطته السياسية و الفكرية المميزة، لقد حصل )مارتن) علي شعبية كبيرة في مدة قصيرة من النصف الثاني من القرن العشرين، الذي كان له دور كبير في ازالة أفكار العنيفة و تغيره الي المحبة و التعايش و السلام في الولايات المتحدة الامريكية. وتتكون البحث من المقدمة و المدخل و المبحثين، و قد خصص المدخل منها لدراسة حياة )مارتن لوتر كينط) و مراحله الدراسي و اصل عائلته. و يحتوي المبحث الاول علي بداية نشاطه في ولاية الاباما. أما المبحث الثاني فقد خصص لحادثة )روزا باركس) و دور و تاثير )مارتن) فيها. وقد اعتمدت في دراستي هذه علي مصادر مختلفة من كتب و خاصة الكتب الانطليزية.

**الكلمات الدالة:** التفرقة العنصرية، السلمية، الزنوج، الحرية، الحقوق.

## Role and Position Political of Martin Luther King 1955- 1957

### Abstract:

This study is a modest attempt to shed light on a prominent American-international figure (Martin Luther King), a prominent political figure in the history of the United States of America and a scientist who gained great fame at a young age due to his political and intellectual activities. (Martin) was very popular in a short period of the second half of the twentieth century, which had a major role in the elimination of violent ideas and change to love, coexistence and peace in the United States of America. The research consists of the introduction, the entrance and the researchers, the entrance of which was devoted to the study of life (Martin Luther King) and stages of study and the origin of his family. The first section contains the beginning of its activity in the state of Alabama. The second topic was devoted to the incident (Rosa Parks) and the role and influence (Martin) in it. In my study, I have relied on different sources of books, especially English.

**Keywords:** Racial Discrimination, Peacefulness, Negroes, Freedom, Rights.